

# ڕەزا خەندان:

## هەمیشە لە ئازادیدا نووســەران تەندروست تر بیردەکەنەوەو دەتوانن زیاتر بیردۆزی نوێ بخوڵقێنــن، بەڵام زۆر جاریش بەرهەمو شاکاری جوان لە زەمەنــی دیکتاتۆرەکاندا بەرهەم هاتووە!!

کامەران سوبحان

ڕەزا خەندان ڕەخنەگرێکی دیاری ئەدەبیاتی فارسییەو تا ئێستا چەندین لێکۆڵینەوەو کتـێبی بـەزمانی فارسـی لە سەر ئەفسانەو داستانی ئەدەبی نووسیوە، ساڵی 1960 لە باشووری تاران لە دایك بووە، تەمەنی 17ساڵ بـووە یەکـەمین کتـێبی بـەناوی (منـداڵانی گـەڕەك) چیرۆك بـۆ منـداڵان چاپکردووە، خـاوەن دوو پـڕۆژەی گـەورەی هاوبەشە لەگەڵ عەلی ئەشرەف دەروێشان لە بواری ئەفسانەو چیرۆکدا، یەکەمیان بەناوی فەرهـەنگی ئەفسانەی خەڵکانی ئێران کە بیست بەرگە و یەکەم هەوڵـە لـە کتێبخانـەی فارسـیدا بـەو شـێوە بەرفراوانـە لەسـەر ئەفسانە دەنووسرێت، دووەمیشیان لەسەر (چیرۆکی نوێی فارسی لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ)یە، کە ئەم پڕۆژەیە ڕەخنەگرتنـە لە چیرۆکی فارسـی لەسـەرەتاوە تـا ئـەمڕۆ بەشـێوەیەکی پـۆلینکراو، یەکـەمینجار پـڕۆژەی وا لـە ئـەدەبی فارسـیدا دەکرێت، کە پێکهاتووە لە شەش بەرگ و بەناوی (چیرۆکە خۆشەویستەکانی من). سـاڵانێکی زۆر لـە وڵاتـی خۆیـدا زیندانی بووەو یەکێکە لە داکۆیکارانی بیری ئازاد، لەدیدارێکی بەرفراواندا تەوەرەکانی ئازادی و ئەدەب و ئـەفسانە و زمانمان پێکەوە گفتوگۆکرد ئەمەی دەیخوێننەوە بەشێکە لەو دیدارە.

***پێشتر باست لەبنەماو تایبەتمەندی ئەدەبی میللەتان کرد، ئایا هیچ بنەمایەك هەیە ئەدەبی میللەتێك لەهی میللەتێکی تر جودا بکاتەوە؟**


—بەڵێ بەدڵنیاییەوە، راستە ئەدەب شوناسێکی جیهانی هەیە، بەڵام بەدڵنیاییشەوە هەندێ بنەماو تایبەتمەندی هەیە کە ئەدەبێك لە ئەدەبێکی تر جودا دەکاتەوە، تۆ ئەگەر سەیری ئەدەبی رووسی بکەیت ئەدەبێکی فراوانو دەوڵەمەندە، خاوەن تایبەتمەندیو خۆیەتی، بۆیە گەر بڵێین ئەدەبی رووسی لە ئەدەبی ئینگلیزیو فەرەنسی جیاوازترە، پێم وایە نەکەوتوینەتە هەڵەوە، تۆ سەیری چیخۆف یان پۆشکین بکە ئایا هەست بەجیاوازی ناکەیت لە تەك ئەدەبی شکسپیردا؟ بێگومان با، هەستی پێدەکەین، رەنگە تایبەتمەندیەکەش لە سەر ئاستی تاك بێت، ئەویش توانستی خولقاندنی تێکست لای (شکسپیر) فۆرمێکی هەیەو لای چیخۆف فۆرمێکی تر. بەڵام دواجار ئەو جیاوازییە دەپەڕێتەوە بۆ ئاستی جیاوازی شوناسو تایبەتمەندیو کلتوورو تایبەتمەندیەکانی تر، ئەمە جگە لەوەی هەندێ تایبەتمەندی ئەفسانەیش لەو چوارچێوەیەدا سەرهەڵدەدات کە پێویستی بەشیکارێکی هەمەلایەنە دەبێت، ئەم وتانەی من بۆ ئەوەنیە بە ئێوە بڵێم ئەدەب قەتیس کەم لە چوارچێوەیەکدا و ناوی لێبنێم کە ئەمە ئەدەبی فلانەو ئەوەش ئەدەبی فلان، بەڵکو من باس لە جیاوازی و جیاوازبوون دەکەم کە فۆڕمێکی باوی ئەدەبی کۆن و هاوچەرخیشمانە و دەشبێت ئاماژەی بۆ بکەین.

***بەڵام ئەو جیاوازییەی کە تۆ باسی دەکەیت لە سەر ئاستی داهێنانی تاکە لای نوسەری تێکست، پێت وانیە ئەمە جیاوازە لە شوناسو ناونانی ئەدەبی میللەتێك؟**

—خۆی تاکی نوسەریش بمانەوێت یان نا، کاریگەری ژینگەو بارودۆخو پەیوەندیەکانی لەسەر دروست دەبێت، گەر باسی ئەدەبی فەرەنسیو تایبەتمەندیش باسی سارتەر بکەین ناکرێت تێکستەکانی ئەو دابڕین لەو ژینگەیەی کە ئەو دەقی تێدا نوسیوە، ئەمە لە کاتێکدا با ئاستی پەیوەندیەکانی (سارتەر)یش بەژینگەوە یان بەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە لاوازبێت، بەڵام کەم تا زۆر ئەو کاریگەرییانە دەپەڕێتەوە بۆ ناو تێکستو بەرهەمی ئەدەبیش، کە بێگومان ئەم پەڕینەوەیەش لە نووسەرێکی هۆشیارو خاوەن سەلیقەوە جیاوازە بۆ نوسەرێکی روکاری، ئەوەی کە بەتەنها رووی دەرەوەی شتەکان دەبینێ، ئەمەش راستەوخۆ لە بەرهەمی ئەدەبیدا رەنگ دەداتەوە چ لە ئاستی زمان یان تەکنیك یان هەرشتی ترکە پەیوەستە بە دونیای نوسینی نووسەرەوە.

***ئەی لەم کاریگەرییەدا پێگەی زمان چۆن دەبینی، بەتایبەتی ئەو زمانەی کە لای نووسەر بەرهەم دێت؟**

—تۆ باسی شتێکم بۆ دەکەیت ئەو شتە دڵی مەسەلەکەیە، وەك ئەوە وایە ئێمە لە باسی مرۆڤدا باس لە دڵ بکەین، لە باسی ئۆتۆمبێلدا باس لە (مەکینە) بکەین، لە باسی نووسەریشدا زمان خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتیو ئەو تایبەتمەندیەش کرۆکی مەسەلەکەیە، زمان لە کاری ئەدەبیاتدا کلیلی مەسەلەکانە، زمان شوناسی ناسینەوەی نووسەرێکە لە یەکێکی دی، ئەوەی پێشتر



باسمان كرد جیاوازی لە نێوان نووسەرێك بۆ یەكێكی تر بە تەنها زمانە ئەو جیاوازیە دەخولقێنێ، هەرشاعیرێك یان ئەدیبێك نەتوانێت جیاوازی زمانی تێكست بخولقێنێت بە دڵنیاییشەوە ناتوانێت داهێنان لەسەر هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونی بكات.

تۆ ناكرێت بەتەنها باسی ئەدەب بكەیت وەك هونەرێكی موجەرەد، بەهەمان شێوەش زمان كە دەكرێت ئەو تەكنیكەی كە لە زماندا هەیە بۆ زۆر شتی تریش بەكاربهێنرێت، بەتایبەتی لە خوێندنەوەی ئەفسانەو داستانی میللەتاندا، بیرشت نەچێت زمان ناسنامەی دۆزینەوەی خودە لە بەرامبەر بەرهەمهێنانی تێكستدا، بەواتایەك ئەوە (زمان)ە ئەو تێكستەو شاكارانەمان بۆ بەرهەم دێنێت، كە ئێمە دوای چەند سەدەیەك بەزمانێكی مۆدێرن و هاوچەرخ بیانخوێنینەوەو چێژیان لێببینین، گەر لەم سەروبەندەدا باس لە ئەدەبی یۆنانی كۆن بكەین لەوێشەوە چەند نوسەرێك بەنموونەو چەند دەقێك وەرگرین ئەوسا دەتوانین گەورەیی زمان هەست پێبكەین.

لەبەرهەمەكانی (سۆفۆكلیس و یۆرپیدس)دا زمان دەبێتە ئەفسانە، دەبێتە ڕۆحێك دوای دەیان سەدە دەڵێیت ئێستاو لە مرۆدا نووسراون و دەیخوێنینەوە، بەلام لە چەند ساڵی رابردووشماندا بەرهەم هاتووە، یەكەم شت كەوا دەكات ئێمە هەست بەمەزنی ئەو زمانە بكەین قودرەتو توانای ئەو زمانەیە لە ئاست بەرهەمهێنانی تێكستدا، كە توانایەكی شاعیرانەیە لە خولقاندنی بەرهەمی ئەدەبیدا، بۆیە تاچەند سەدەی تریش ئێمە هەر دەتوانین شانازی بكەین كە لەقۆناغێك لە قۆناغەكانی چەرخی مرۆڤایەتیدا مرۆڤ توانیویەتی خاوەن تایبەتمەندی و ڕێچكەیەكی تایبەت بێت لە بەرهەمهێنانی مەجازێكی زمانەوانی ، دیارە ئەمەش لە خۆڕا بەرهەم نەهاتووە، بەڵكو زەمینە سازییەكی گەورەی بۆكراوەو ئەوسا گەیشتوەتە ئەو خوێنەرەی ئێستا كە لە دوو تووێی كتێبێكدا بیخوێنیتەوە.

**تاكە شوناسی زمان ئەوەیە كە دەتوانێت لە هەموو سەردەمو چاخێكدا خۆی نوێ بكاتەوە**

***بە بەراورد بەو چاخە كۆنانەی مرۆڤایەتی پێت وایە زمان ئەو توانایەی مابێت كە بتوانێت خۆی نوێ بكاتەوەو لە زەمەنی ئێستاشدا بونێكی چالاكی هەبێت؟**

—تاكە شوناسی زمان ئەوەیە كە دەتوانێت لە هەموو سەردەمو چاخێكدا خۆی نوێ بكاتەوە، بۆیە گەر لە هەموو سەردەمێكدا ئەدیبی داهێنەر هەبێت زمان بەردەوام رەهەندێكی جیوەیی هەیەو لە هەموو چاخێكدا رەنگێكی جیاوازی هەیە، ئەم جیاوازیەش لە سەر ئاستی بەرهەم و شاكاری ئەدەبی دەردەكەوێت، ڕەنگە نمونەش زۆربێت و دیارەكە دەرفەتی ئەوەمان نەداتێ كە بتوانین ئەو بەراوردە ئەدەبی و ئەو نمونانە بخەینە ڕوو.

***بەو پێیە بێت نوسەر كلیلی جولاندنی زمانە لە كایەی ڕۆشنبیریدا، بەلام هەندێ زمان لە ئەساسدا خاوەن توانایەكی ئەوتۆ نین، ئایا لەم كاتەدا ئەو زمانە دەتوانێت بە نەمری بمێنێتەوە؟**

—من نامەوێت بچمە وردەكاری زمانو ناسنامەی زمان، چونكە ئەمە مەسیرێكی دوورودرێژی هەیە، بەلام بەپێی هەندێ سەرژمێری یونسكۆ تا ئێستا چەندین زمانی لۆكالی لە ناوچوون یان لە بەردەم ئەگەری لەناوچووندان، بەلام ئەوەشت بیرنەچێت نەتەوە چەندێك زمانەكەی سنوردار بێت هێندە ئەدەبەكەشی سنوردار دەبێت، بەلام هەندێ یاسای شازیش هەیە كە داهێنەرو ئەدیبی مەزن لە زمانە لۆكاڵیەكانەوە گەورەبوون بۆ ئەمەش من پێم وابێت پرۆسەی وەرگێڕان تاكە فریاد رەسی ئەو میللەتانە بووە، زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی بەهۆی دەوڵەمەندیانەوە خزمەتێكی لە رادەبەدەریان كردووە بەئەدەبی ئەو

میللەتە بچوکانە بەتایبەتی لە وەرگێڕانی هەندێ بەرهەمی ئەدەبیان.

***پێت وایە گەلانی ڕۆژهەڵات سودێکی زۆریان لە وەرگێڕان وەرگرتبێت لە دونیای ئەدەبیاتدا؟**

—بەڵێ بەڵگەشم بۆ ئەو قسەیەم ئێوەیە، کە ئێستا بەزمانی کوردی لە تەك من دەدوێیت ناوی چەندین شاعیرو ڕۆمان نوس و چیرۆکنوسی یۆنانی و ڕوسی و فەرەنسیت ڕیزکرد، وەك خۆت وتت هەموویانت بە(عەرەبی و کوردی) خوێندوەتەوە، کەواتە زمان لەو نێوەندەدا ڕۆڵێکی باڵای هەیە لە گەیاندنی ئەدەبی میللەتان بەیەکدی، من بۆ خۆشم زۆرێك لەو بەرهەمە ئەدەبیانەم بەفارسی خوێندوتەوە، ئەمەش ئینجازێکی تری ئەدەبە کە سنوری نەتەوەو میلەت و زمانیش دەبڕێت.

***من مەبەستم پێچەوانەکەی بوو، واتە لە زمانی نەتەوە بچوکەکانەوە بۆ زمانی نەتەوە گەورەکان؟**

—ئەمەیان شتێکی زۆر زۆر گرنگە بۆ میللەتانی ڕۆژهەڵات، بەداخەوە دەڵێم ئێمەی ڕۆژهەڵاتی لەو بوارەدا زۆر لاوازین، لە کاتێکدا لە هەموو بوارەکاندا بەرهەممان هەیە بۆ زمانەکانی دونیا وەریبگێڕین من بۆ خۆم ئاگادارم لە ئێران چەندین دەزگا هەیە لەم بوارەدا کار دەکەن کە خەریکی وەرگێڕانن لە زمانەکانی دونیاوە بۆ فارسی و بەپێچەوانەوە، بەداخەوە بێ ئاگام لەئەدەبی کوردی، بەڵام بەم هاتنەم بۆ سلێمانی و قسەکردن لەگەڵ چەند نوسەرو ڕۆشنبیرێکدا بۆم دەرکەوت ئێوە گرفتێکی گەورەتان لەم بوارەدا هەیە، بەتایبەتیش لە هاوکێشەی دووەمدا کە وەرگێڕانی ئەدەبی کوردی بۆ زمانە زیندووەکانی دونیا، بەتایبەتیش ئینگلیزی یان هەر هیچ نەبێت بۆ زمانی وڵاتانی دراوسێی وەك فارس و عەرەب و تورك، من بۆ خۆم زۆر بەکەمی ئاگام لەئەدەبیاتی کوردی هەیە، تەنها هەندێ شیعری شاعیری ناودار (شێرکۆ بێکەس) نەبێت لەگەڵ چەند بەرهەمێکی شێرزاد حەسەن و هەندێ چیرۆکی تر کە زۆربەیان بەهۆی (مەریوان هەڵەبجەیی)یەوە پێم گەیشتووە، لەم دواییەشدا (دواهەمین هەناری دونیا)م خوێندەوە کە ڕۆمانووسی لاو بەختیار عەلی نوسیویەتی کە بەبڕوای من لە ئاستی ڕۆمانی جیهانیدایە گەر وەرگێڕی بەسەلیقەو بەتوانا قودرەتی وەرگێڕانی هەبێت بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان، جگە لەو ناوانەش دڵنیاشم ئەدەبەکەی ئێوە چەندین ناوی تێدایە لە ئاستی شێرکۆ یان شاعیرو چیرۆکنوسانی ترتان، بەڵام تائێستا قەتیس ماون بەدەست تاکە زمانێکەوە، گەر ئەمانە وەرگێڕێن بۆ زمانانی تر ئەوا ئێوەش حەقتانە وەك هەموو میللەتانی دونیا شانازی بە ئەدەب و شاکارەکانتانەوە بکەن.

**دڵنیام ئەدەبەکەی ئێوە چەندین ناوی تێدایە لە ئاستی شێرکۆ یان شاعیرو چیرۆکنوسانی ترتان، گەر ئەمانە وەرگێڕێن بۆ زمانانی تر ئەوا ئێوەش حەقتانە وەك هەموو میللەتانی دونیا شانازی بە ئەدەب و شاکارەکانتانەوە بکەن**

***بەبڕوای تۆ بوونی ئەو دەزگایەی وەرگێڕان و دامەزراندنی بەپلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی کێ؟**

—پرسیارێکی جەبرییە، من پێم وابێت چەند بەشێکە، بەشێکیان لە ئەستۆی حکومەتە، بەشێکیان لە ئەستۆی ڕۆشنبیرانە، کە دەبێت ڕۆشنبیرانی ئێوە شێوازی ئیقناعکردنی ئەوەیان هەبێت کە دەسەڵات ڕازی بکەن بەوەی ئەم کایە ڕۆشنبیرییە وەك کایەکانی تر گرنگو پێویستە، بەڵام ئەوەم لەلای ئێوە بەدیکرد کە بۆشاییەکی گەورە هەیە لەنێوان ڕۆشنبیرو دەسەڵاتدا، بەبڕوای من ئەمە خەتەرێکی گەورەیە لەسەر ئەدەبەکەتان، هەروەك چۆن ئەم نەریتە لە زۆر میللەتی تریشدا هەیە، چاکتر وایە دەسەڵات بارگاوی بکرێت بە کایە ڕۆشنبیرییەکان و دابڕێنرێت لە دیدێکی سیاسیانەی ڕووت.

***بەلام رۆشنبیر زۆر جار لێرە وەک کارەکتەرێکی دەستەمۆو ژێردەستە مامەڵەی لەتەکدا کراوەو هەمیشە دەسەلات دەتوانێت کۆنترۆڵی بکات، پێت وایە دیالۆگ لە نێوان ئەم دوو دەسەلاتەدا بەئاسانی دروست بێت؟**

-من پێم وابێت هەرگیز رۆشنبیری جدی لەلایەن هیچ هێزو دەسەلاتێکەوە کۆنترۆڵ ناکرێت، ئەوە رۆشنبیرە جدیەکانن کە بۆ دەیان پرس دەسەلات ناچاردەکەن چۆک دابدات، بینیمان لە پاریس شۆڕشی رۆشنبیری و قوتابیان چی کرد بەدەسەلاتدارانی فەرەنسا، ئەی لە روسیا ستالین بەو دیکتاتۆرییەی خۆیەوە زۆر جار رۆشنبیرە جدیەکان روسیا ئیحراجیان دەکرد بەرەخنە، گەلانی نزیکی خۆشمان چەندین نمونەی لەم چەشنەی تێدایە، ئیدی باسی زەمەنی رۆشنبیریی ئەڵمانی و قۆناغی هیتلەرو مۆسۆلۆنی ناکەم.

جگە لە چەندین فیلم و داستان کە دەسەلات ئیحراج دەکات ، ئەی ئیدی ئێوە بۆ لەم هەرێمەدا ناتوانن دەسەلات ئیحراج بکەن؟ راستە، بەلام من لە تۆ دەپرسم، ئێوە رۆژنامەی ئازادتان هەیە، رادیۆی ئازادتان هەیە، کاری رۆشنبیریی‌و فەرهەنگی ئازادتان هەیە کاری سیاسی ئازاد هەیە، رەخنەگرتن ئازادە ئەی ئیتر چی ماوە بیکەن.

***رەنگە لایەنێکی بەهێز مابێت ئەویش مادەو باری داراییە کە زۆر پێویستە ئەم لایەنەش بە تەنها لە کۆنترۆڵی دەسەلاتدا نەبێت، بەڵکو بەشێکیشی لەدەست رێکخراوە مەدەنی و ناحکومیەکاندا بێت؟**

-پێم وابێت زەمەنێکی دەوێت تا دەسەلات بیر لەوە بکاتەوە کە ماهیەتی کاری رۆشنبیری چەند گرنگە، بەلام بیری تۆو کاک مەریوان هەڵەبجەییشی دەخەمەوە کە کاری رۆشنبیری کارێکی نوخبەوییە بەواتایەک ناکرێت‌و نەبووە لە هیچ ولاتێکدا دەسەلات لای رۆشنبیربێت‌و ئەو حوکمی ولات بکات، بەلام دەسەلاتی رۆشنبیر زۆر جار لەدەسەلاتی حزب‌و حکومەت گەورەتر یان هەر هیچ نەبێت هێندەی یەکترن، من لێت دەپرسم ئێستا دەسەلاتی رۆشنبیرێکی ئێوە نییە لە ئاستی دەسەلاتی وەزیردا بێت، ئایا بەختیار عەلی‌و شێرکۆ بێکەس و عەبدوللا پەشێو دەسەلاتێکی بەرفراوانیان نییە، مەبەستم دەسەلاتی رۆشنبیرییە لەناو نوخبەدا، خۆ هیچ کام لەوانە پیاوی دەسەلات نین، بەلکو دەسەلاتی رۆشنبیری‌و توانای داهێنەریانەیان ئەو دەسەلاتە مەزنەی پێ بەخشیوون کە بتوانن وا لە حکومەت بکەن حسابی جدییان بۆ بکات، من لێرە لەگەل هەر کەسێك قسەم کرد ناوی ئەوانەی برد، کەواتە ئەوانە دەسەلاتێکی گەورەن لە هەرێمەکەی ئێوەدا.

***ئەو سێ کەسەی کە تۆ باست کرد هەروەک ناو بیستوتن یان بەرهەمیشیانت خوێندوەتەوە؟**

-من بەرهەمی شێرکۆ بێکەسم زۆر خوێندوەتەوە بە فارسی، ئەزانم ئەو شاعیرێکی مەزنە، عەبدوللا پەشێویش بەهەمان شێوە ناوێکی دیارە (بەختیار عەلی)یش من وەک وتم لە رێگەی مەریوانەوە نوسینێکیشم نووسیوە لە سەر (دواهەمین هەناری دونیا)، دڵنیاشم ناوگەلێکی زۆرتر هەن لەم ناوانە لە ئەدەبی کوردیدا، بەلام من بلێم چی بەوەندە راگەیشتووم، دڵنیام لە ناو گەنجەکانتاندا، یان لە ناو شاعیر شەرمن‌و چیرۆکنوسە پەراوێزکراوەکانتاندا چەندین ناوی تر هەیە کە تا ئێستا رووناکی رەخنەگریان پێنەگەیشتوە، ئەمە دەمگەیەنێتەوە بە پرسیارەکەی سەرەتای ئێوە کە زۆر پێویستە ئێوە ئۆرگانێکتان هەبێت بۆ وەرگێڕانی پێچەوانە لە کوردییەوە بۆ زمانەکانی تر.



رەزا خەندان، کامەران سوبحان، عەلی ئەشرەف دەروێشان، مەریوان هەڵەبجەیی

***ئەمڕۆ تۆ لە فێستیڤاڵێکی ئەدەبیدا بوویت، ئاستی ئەو فێستیڤاڵە چۆن دەبینیت؟**

—من یەکەم جارمە بێمە کوردستان، یەکەم جاریشمە بەشداری فێستیڤاڵێکی ئەدەبی بکەم، هەرچەندە کێشەی زمـان هـەبوو کـە مـن کـوردی نـازانم، بـەڵام هەسـتم بەحەماسو دیالۆگێکی گەورە دەکرد لە نێـوان ئـەدیبانو رەخنەگرانـدا، عەشـقێکی گـەورە هەیـە پێویـستە ئـەو عەشـقە تـەوزیف بکرێـت بـۆ ئـەوەی دەنگـی نـوێ دەرکەوێت، هەرچۆنێك بێت ئەم جموجوڵە ئەدەبیانە لـە داهاتوودا کاریگەرییەکانی دەردەکەوێت، ئەوەشی بینـیم جێگەی خۆشحاڵی بوو کە میدیاکانی ئێـوە بـە رادەیـەکی زۆر باش دیالۆگ و بەرنامـە سـازییان بـۆ ئـەم فێـستیڤاڵە سازدەکرد.

***مەبەستت چیە لەوەی کـە ئـەو عیـشقە تـەوزیف بکرێت؟**

—مەبەسـتم لـە هانـدانو پـشتگیرییە مەبەسـتم لـە رەخساندنی هەلودەرفەتە بۆ ئەو کەسـانەی کـە حـەزیان لـە شـیعر یـان چـیرۆك یـان بەرهـەمی ئـەدەبی هەیـە بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام بن لە نووسین، خۆشـتان دەزانـن ئەو لایەنە بـە تایبـەتیش سـەرەتای دەسـت پێکـردن زۆر پێویستی بە هاندان و پشگیری هەیە.

***ئەرکی کێیە ئەو هەلودەرفەتانە برەخسێنێت؟**

—جارێکی تریش هاتینەوە بۆ سـەر باسـی حکومـەت، ئـــەم جـــارەش دەیڵێمـــەوە (حکومـــەت، دەزگـــا فەرهەنگییـــەکان، خـــودی کەســـە بەهرەمەنـــدەکان) دەمـــەوێت رونکردنەوەیـــەکیش بـــدەم بەخوێنـــەرانو بەبەڕێزیـــشتان، ئـــەویش ئەمەیـــە، ئێـــوە وانـــەزانن کـــە هەمووشت لەدونیا ئەرکی حکومەتـە، راسـتە بەشـێك لـەو ئەرکانە هینی حکومەتـە، بـەڵام لەهـەموو دونیـادا هـەموو شت بەخەباتو تێکۆشان دەبێت، ناکرێت ئێمە دانیشینو پاروبکرێـــت بەدەممانـــەوەو بڵـــێن فـــەرموو، پێویـــستە دەسـەڵاتی رۆشـنبیریمان وابکـات حکومـەت خـۆی ناچـار بێت کەشەکە بخولقێنێت، هەروەك ئەم کەشەی کە ئێستا باسی دەکەین کە فێستیڤاڵێکی ئەدەبیە، دڵنیـشام ئێـوە بـاری سـەرنجتان هەیـە لەسـەر ئیـدارە دانـی ئـەم جـۆرە کارانـە، بـەڵام رەنگـە لەگـەڵ منـدا کـۆکبن کـە بـونی لـە نـەبوونی باشـتربێت. ئەمـە جگـە لـەوەی هەسـت بـەوە دەکەم ئەم قۆناغەی ئێوە لـە قۆنـاغی دوای هەڵگیرسـانی شۆڕشی میللەتانی ئێران دەچێت، بەو پێیەی تاڕادەیەکی زۆر رێکخستنو رێکوپێکی لـە زۆر شـتاندا نـەماوە، بـەڵام زەمەن و کاری دەوێت تا ئەم حاڵەتانە دەگەڕێننـەوە بـۆ بـارودۆخی جـارانی یـان بـۆ حاڵـەتی تەندروسـتی خـۆی، دیـارە ئێـوەش زەمـەنی ئازادیتـان نزیکـەی 15 سـاڵێك دەبێت، بێگومان ئەم زەمەنەش ئیدی سەرەتایەکی باشە بۆ گەشەکردنو پێکهاتنی ئەدەبێکی مـەزنو داهێنەرانـە، بـەڵام بـەو گرنگیانـەی کـە باسمان کـرد لـە روی زمـان و بەرهەمی ئەدەبیەوە.

***تۆ پێت وایە ئـەدەب لـە ئازادیـدا زیـاتر گەشـە دەکات؟**

—ئەدەب فێڵێکە لە ژیان دەکرێت، مـن دەتـوانم پێـت بڵـێم ئـەدەب لـە ئـازادیو لـە دەستبەسەریـشدا گەشـە دەکـات، چـونکە کـەم نـین ئـەو شـاکارانەی لەزەمـەنی دەستبەسەریدا نوسراون، بەڵام ئەوەنـدە هەیـە ئـەدیب و نووسەر خودی خۆیان پێویستیان بەکەشـی بـێ سانـسۆر




بەرگی پێنجەم
لە کتێبی ئەفسانەی
خەڵکانی ئێران

هەیە، چونکە ئازادی ئەوان‌و ئازادی ژیان هاوتاییەکی لێکنزیکیان پێکەوە هەیە، هەمیشە لە ئازادیدا نووسەران تەندروست تر بیردەکەنەوەو دەتوانن زیاتر بیردۆزی نوێ بخولقێنن، بەڵام زۆر جاریش بەرهەم‌و شاکاری جوان لە زەمەنی دیکتاتۆرەکاندا بەرهەم هاتووە، چونکە تا پاڵەپەستۆ لە سەر ئازادی هەبێت بیرکردنەوەی زیاتر سنوور دەبەزێنێت، لەم کاتەدا ئەخلاقی ئازادی‌و بەرهەمهێنانی ئازادی لای نووسەران پانتایی‌و سنوورێکی گەورە داگیر دەکات‌و هەندێ نمونەش هەیە لەکاتی دیکتاتۆرەکاندا کە بەرهەمی سیمبولیزمی بەرهەم دێت. من پێم وایە هەندێ جار هێماکردن‌و رەمز هەندێ ئازادی‌و ئەخلاقی نووسەر دەکوژێت، بەڵام ناشکرێت ئاوا بەئاسانی دەست بەرداری نووسین ببین هەروەك وتم ئەخلاقی نووسین‌و ئەخلاقی ئازادی دوانەیەکی نزیکن بەیەکەوەو هەمیشە نووسەرانی ئازاد لە هەوڵی دروستکردنی ئازادیدان، گەر لەواقیعیشدا نەبێت ئەوا لە زیهنی خۆیاندایەو لە ناو بەرهەمەکانیاندایە.


***بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئازادی پانتاییەکە کە مافی هەموو مرۆڤێکی ئاساییە گەر ئەم مافە بۆ مرۆڤی ئاسایی پێداویستییەکی گرنگ بێت ئەوا بۆ ئەدیب‌و نووسەرو رۆشنبیر زیاتر پێویستە، لەسەر ئەم بۆچونە چ ڕایەکی تایبەتیتان هەیە؟**

–منیش وای دەبینم، پانتایی ئازادیی پانتاییەکی فەنتازیایە بۆ مرۆڤ، هەروەك خۆشتان وتان بۆ رۆشنفکران، بەڵام ئەوەی کە رەنگە جیاوازی نێوان من‌و تۆ بێت شوناسی ئازادییە، ئەخلاقی ئازادییە، من نایکەم بەپێوەرو مۆراڵێك کە بەتەنها شاکاری ئەدەبی لە ئازادیدا دەردەکەوێت، بەڵام زیاتر گەشە دەکات، میللەتانی ژێردەستە دەیان‌و سەدان رۆشنفیکری گەورەیان هەیە، بەڵام رەنگە پانتایی‌و فەزاکە بۆ ئەوان بچوك‌و سنووردار بێت، بیرشت نەچێت کۆچکردنی دەیان نووسەرو فەیلەسوف لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی بۆ پاریس، چونکە پانتایی ئازادی لەوێ لەهەموو ولاّتانی ئەوروپا زیاتربوو.

***کرۆکی پرسیارەکەی من ئەوەبوو کە زۆرجار نەبوونی ئازادی‌و بوونی دیکتاتۆری زەمینە سازدەکات بۆ فۆڕمێك لەئەدەب کە زۆرجار بەئەدەبی رەمزی دەناسرێت، ئایا ئەمە سنوردارکردنی ئازادی نووسین نییە؟**

–زۆر جوانت وت با، بەڵام زۆر جاریش بەو شێوازەش لەنووسین کە تۆ باست کرد کە ئێمەی میللەتی ئێران ئەزمونی زۆرمان لەو بارەیەوە هەیە، بەڵام دەیان شاکاریش لەو قۆناغەدا سەرهەڵدەدات‌و گەشە دەکات، بە ئێستاشیەوە بێت گەر چاوێکی خێرا بە زەمەنی ئێستای باری ئەدەبی فارسیدا بخشێنین دەبینین دەیان ناوهەن کە بەرهەمەکانیان لە ئاستێکی باڵادایەو جێگەی لەسەر وەستانن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەرهەممان هەیە ڕەنگە دەرفەتی چاپیان نەبێت بەهۆی سانسۆرەوە بمرن، یان ڕاسترە بڵێم لای نووسەرەکە خۆیان بمێننەوە تا ڕۆژگارێکی تر، بە هەردوو جۆرەکەیەوە شاکارو ئەدەبی جوان هەیە لە ولاّتانی ژێر دەستەو بێ ئازادیدا، پێم وابێت ئەدەبەکەی ئێوەش خاڵی نییە لە ئەدەبی رەمزی.

***بەدڵنیاییەوە، نەك ئەدەبی رەمزی ئێمە، هونەری رەمزیشمان هەیە، کە چ شانۆ یان وێنەکێشان، کە فەلسەفەی سیمبۆلیزم فەلسەفەیەکی بەهێزی هەیە**



**لای ئێمە بەتایبەتی لە قۆناغی دەسەڵاتی بەعسدا؟**

–کەواتە ئێستا لە مەبەستەکەم گەیشتن، چاك دەزانن چۆن دیکتاتۆریو نەبوونی ئازادی بەجۆرێك لە جۆرەکان سازش بەنووسەر دەکاتو رایدەکێشێت بۆ ناو جۆرێك لە جۆرەکانی نووسین ئەمە جگە لەوەی بیرمان نەچێت چەندین نووسەری تریش هەن کە مەیلداری دەسەڵاتنو نوکی قەڵەمەکەیان بەئارەزووی دەسەڵاتداران بادەدەن، ئەم جۆرە نووسەرانە بەدرێژایی مێژوو زۆربەیان هیچ کاریگەرییەکیان نییەو جگە لە پڕکردنەوەی لاپەڕە هیچ شتێك ناکەن.

تەوەرە سەرەکیەکەشمان ئەدەبی رەمزییە، کە بەبڕوای من زۆر پێویستە لەسەر نووسەران هەرچی دەنووسن بەهەر رێبازو فۆرمێکە پێویستە ئەوەیان لە بیر نەچێت کە ئەوان نووسەرنو ئیجبارن بەئەخلاقیاتێکی پێغەمبەرانە، کە ئەوەش ئەخلاقی پاکیو بێگەردی نووسینو پرۆسەی نووسینە، ئەم جۆرەش لە ئەخلاق جگە لەئامانجی نووسینو بەخشینی ئێستاتیکای نوسین هیچ ئامانجێکی نییە، لەبەرئەوەی شیعر وەرگرتنەوەی دەرفەتە لە مێژوو دەرفەتە لەزمان، دەرفەتە لە تەکنیكو زاراوەسازی لەبەرهەموو ئەمانە ئەم لایەنە بەهیچ جۆرێك سازشکاری تێدا ناکرێت، هەر لایەنێکی تریش وەرگریت چیرۆك، داستان، ڕۆمان، ئەمانە بۆ خۆیان ئیشکردنەوەیە لە سیاقو مانای مێژوو، بەڵام بەدیدێکی رەخنەگرانە.

**شیعر وەرگرتنەوەی دەرفەتە لە مێژوو دەرفەتە لەزمان، دەرفەتە لە تەکنیكو زاراوەسازی**

***تۆ پێت وایە ئەم لایەنانەم (شیعر-ڕۆمان) وەك دوو لایەنی زۆر گرنگی ئەدەبی بتوانن گۆڕان لە سیستەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکانی ژیانی مرۆڤدا بکەن؟**

–گۆڕان مانایەکی مەجازی قوڵی هەیە، من ناتوانم بڵێم شاعیرێك شیعرێکی نووسیوە ئیدی کۆی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ لە ئێراندا دەگۆڕێت، ناتوانم بڵێم فلان ڕۆماننوس بەڕۆمانێکی ئەو رێرەوەی گۆڕی، چونکە بیرت نەچێت ئێمە باس لە ئەدەب دەکەین، ئەدەبیش کارێکی نوخبەویانەیە، لەبەر ئەوانەش ئەم کاریگەریانە زەمەنی دەوێت تا ئێمە کاری لە سەر بکەین، نیچە، ئەفلاتون، دیکارت..هتد، چەندین ساڵ لەمەوبەر تێزو بیروبۆچونیان داناوە ئێمە ئێستا لەم سەردەمەماندا تێزەکانیان دەخوێنینەوە، لە کاتێکدا بەپێی تیۆری زانست بێت ئەبێت ئێمە تەماشای پێشەوەو تەکنەلۆژیاو سیستەمی زانستی بکەین نەك بگەڕێینەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاستو سەدەی (18و 19).

ئەم نموونەیە رەنگە زۆر نمونەیەکی دیاربێت بۆ کاریگەربوونی ئەدەب و فکر لەسەر کۆمەڵگە، تۆ بتەوێت ڕۆمانێك یان شیعرێك هێندە داهێنانێکی زانستیو تەکنەلۆژی کاریگەریی هەبێت، هەرگیز نابێت، بەڵام ئەوەشمان بیر نەچێت کاریگەرییەکانی زانست بۆ ژیری مرۆڤەو کاریگەرییەکانی ئەدەبیش بۆ سۆزو چێژە، کە ئەم دوو لایەنەش لە ژیانی مرۆڤدا تەواکاری یەکترنو هەردووکیان بێ یەکتری مرۆڤێکی ناتەواون.

***بەڵام تۆ پێت وانیە بەراوردێکی نازانستی دەکەیت لە نێوان ئەدەب و زانستدا، بەوەی یەکەمیان بەرهەمی سۆزو چێژە ودووەمیان بەرهەمی ژیری، ئایا لۆژیک و عەقڵ لە ئەدەبدا خاڵیە؟**

– نەخێر هەرگیز، من نەمووتوە، لە ئەدەبدا لۆژیك نیە، بەڵام بیرشتان نەچێت وەك وتم ئەدەب تەکنیکە،


مامەڵەکردنە لەتەک زمان، لەتەک تەکنیك، ئەم لایەنانەش جیوەیین و زیاتر مەجالی کێشکردن و بەرزو نزمیان هەیە، جیاواز لە بیردۆزێکی زانستی و کیمیاوی، بەوەی کە ڕەنگە بە ئەستەم یان هەرنەتوانین جێگۆرکێیەك بە بەشێکی بکەین، بەڵام لە ئەدەبدا هێندە ئازادی فەراهەم کراوە هەرگیزاو هەرگیز ناتوانین لە قاڵبی بدەین وەك کارێکی زانستی جەبری ملکەچی بکەین بۆ یاسایەکی تایبەتی.

***بەڵام تۆ پێشتر بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەدەبت ملکەچ کرد بۆ یاساو فۆرمێك کە ناوت برد بە ئەدەبی ڕەمزی؟**

–ببورە من هەرگیز نەمووتوە ئەمە یەکەم فۆرم و دوا فۆرمی ئەدەبە، بەڵام حەقیقەتێکیشەو وتومە کە ئەدەبی ڕەمزی فۆرمێکە لە فۆرمەکانی ئەدەب و بە درێژایی مێژووش ئەو نووسەرانەی بەم فۆرمەیان نووسیوە زۆرن، دەمەوێت ئەوەشت بیربێنمەوە کە من وتوومە ئەدەبی ڕەمزی بە تەنها لە کات و ساتی دیکتاتۆریەتدا دروست نابێت، بەڵام هەندێ جار لەو شوێنانەدا زیاتر گەشەدەکات.

لە زەمەنی ئیپسن و میتەرلینگ وچەندن نووسەری تردا ئازادیش هەبووە، بەڵام بە فۆرمی ڕەمزیش نوسیویانە، کەواتە نووسین بە ڕەمزیەت مانای بوونی دیکتاتۆریەت نایە لەو جێگەیەدا، بۆیە من هەرگیزاو هەرگیز ئەوە بەیان ناکەم کە ئەدەبی ڕەمزی تاکە فۆرمی ئەدەبە لە مێژوودا.

***ئەم دیدارە بەزمانی فارسی ئەنجام دراوەو هاوکارمان مەریوان هەڵەبجەیی کردوویەتی بەکوردی.**




وێنەی هەر بیست بەرگەکەی
کتێبی ئەفسانەی خەڵکانی ئێران
(ڕەزا خەندان، عەلی ئەشرەف دەروێشان)